# وەلامێک بۆ ئەوانەی دەپرسن بۆ یەگگرتوو بە لیستی تەنها دادەبەزی .. باوکی محەمەد

ئۆسلۆ

زۆر پرسیار دەکرێت لێرەو لەوێ کە لە بەرچی یەگکرتوو، لەم کاتە ناسکەدا بەتەنها دابەزیوە یان بۆ خۆی جیا دەکاتەوە. ؟

ئێمە لەلایەك باس لە چەسپاندنی دیموکراسی دەکەین لە کوردستان، و لەلایەکیتریش دیمرکراسی بێ دەنگ دەکەین. بانیك و دوو هەوایە.

ئەگەر باس لە دیموکراسی بکەین، دەبێ هەموو ڕووداوێکی سیاسی قبوڵ بکەین، چونکە ناگونجێ ئەوەی لە مەسلەحەتمان بوو قبولی بکەین، بەبێچەوانەشەوە ئەگەر لەمەسلەحەتی ئەولایەنە نەبوو بەکاریکی خراپی بزانی.

15 ساڵە دیموکراسی مێوانە لەلامان، بەلاّم هەر نەبوو بەساحیب ماڵ. تا کەی ئەم دوو حیزبە گەورەیە وەك حیزبی دەسەلاتدار وحاکم دەجوڵینەوە، کاتی ئەوە نەهاتوە گوڕانکاری بەسەر دەسەلاتا بێت دیموکراتی بەراستی بچەسبیت... گەلەکەمان وەك گەلانی پێشکەوتوو هەڵبژاردنیکی ئازاد بکات و رازیبین بەحوکمی گەل. هەناسەیەك بدەین بەمیلەتەکەمان بزانین میلەت چی دەوێت. یان هەر بەناوی بارودۆخ و ناسکی کاتەوە میللەت وخەڵکی فەراموش بکەین؟

یەگکرتوو زۆر بوێرانەوجوامێرانە هاتوتە مەیدانەوە دەیەوێ گەلەکەمان ئاگادارکاتەوە کە دیموکراسیەت لە کوردستاندا دەبێ رەوتی خۆی وەربکریت و بەردەوام بێت.

پاشان یەگکرتوو دەیەویت چاکسازی وپاکسازی لە کوردستاندا بکات، بەشتیکی واقعی بێتە جێبەجی کردن، نەك تەنها بەقسەکردن بێت. یەگکرتوو دەیەوێت ئەومافەی کە میللەت هەیەتی، بیداتەوە. بلێ: فەرموو چیتان دەوێت حەقی خۆتانە. پاشان ئەمە ماڵی کورد زیاتر بتەو دەکات وەدەتوانی دەنگی زۆرتر بۆ کورد بەدەست بێنیت، هەروەها ئەمە هەنگاویکە کە بەدنیا بڵێین بەلێ ئێمە دیموکراسین.

هەر وەك لەوڵاتانە ئەوروپی هەیە لەپێش هەڵبژاردن هیچ لایەنیك هاوپەیمانێتی نابەسێی، تا هەقیقەتی خۆی بزانێت و پاش هەڵبژاردن دەتوانێت هاوپەیمانێتی ببەستیت بۆ هەرکاریك کە بەسودی گەلەکەی تەواو بێت.